# ڕەشنووسی پرۆژە یاسای مافەکانی کورتەباڵاکان / هەرێمی کوردستان

**مادەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە مانەکانی بەرامبەریانە بو مەبەستی ئەم یاسایە :

یەکەم : هەرێم - هەرمی کوردستانی عێراق

دووەم : حکوومەت - حکومەتی هەرێمی کوردستان

سێ یەم : وەزیر - وزیری کارو کارو باری کۆمەڵایەتی

چوارەم : کورتەباڵا - ئەو مرۆڤەیە بە هۆی کارێکی سروشتی یەوە یان بە هۆی ڕووداوێکەوە لە باڵادا کورت دەبێ و گەشەی سروشتی ناکات ,وبریاری بە کورتەبالا بون لە لایەن لژنەیەکی پزشکی پسپوری تایبە تمەند دەبێت .

**مادە دووەم :**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە :-

١- پاراستنی مافەکانی کورتەبالا کان کە لە دستور و یاساکان دەستەبەر کراوە و پەرەپێدانیان.

٢- نەهێشتنی هەر جورە جیاوازەیك لە نا کومەلگادا کە بە هوی دواکەوتوی دروست بون .

٣- بتەوکردنی داد پەروەری کومەلایەتی بە پاراستنی مافەکانی کورتەبالاکان .

٤- جێگیرکردنی بهاکانی سیستەمی دیموکراتی لە ناو کومەلگای کوردستانی بە پاراستن و دەستەبەرکردنی مافەکانی کورتەبالاکان .

**مادەی سێیەم:**

دەبێت حکوومەت بو کورتەبالاکان :-

یەکەم - چاودێری پزیشکی هەر لە منداڵیەوە ودەرزی هۆرمۆنی باڵا کردنی بویان دابین بکات بەخورایی .

دوەم - هاوکاری خێزانیان بکا قۆناغ بە قۆناغ هەتا گەورە دەبن .

سێیەم - گشت خزمەت گوزاری لە بواری پزیشکی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی و دەرونی پێشکەش بکات.

چوارەم – دەبێت وەزارتی پەروەردە کار بکات بو تێکەڵ کردنی کورتە بالاکان هەر لە سەرەتاوە لە ناو پۆل و خوێندگایەکان وگرتنەبەری گشت رێکارەکان بو نە هێشتنی توندو تیژی دژی کورتەبالاکان لە ناو خوێندگایەکان.

## مادەی چوارەم:

دەبێت گشت دامەزراوەکانی حکومەت هەر یەکەیان بە پێی تایبە تمەندی خوی کار بکات بو :-

یەکەم – بتەوکردنی یەکسانی ونەهێشتنی هەر جورە جیاوازیەك وکار بکات بە ئەوەی کورتەبالاکان ژیانیان بە سەربەستی و شکۆداری بەسەر بەرن، سوود وەربگرن لە هەموو ئەو مافانەی کە لە ناو دستور ویاساکان شان بەشانی چینەکانی تر بویان دەستەبەر کراوە, وکار بکەن بو بۆ بەدی هێنانی خواستەکانیان.

دووەم- ناساندنی کورتەبالاّ بە کورتەبالاّکانی گەلانی دنیاو بەشدارپێکردنیان لە سەردانی ولآتان و لە کۆنگرەو ڤستیڤاڵە نێو دەوڵەتیە تایبەتەکان بە کورتەبالاّو سوود وەرگرتنی .

سێیەم – پێشکەشکردنی پالپشتی مادی ومەعنەوی کورتەبالاکن بو ئەوی بتوانن رێکخراو یانەی کومەلایەتی وکەلتوری و وەرزشی پێکبینن تایبە تمەند بەخویان .

چوارەم – دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی وەرزشی بۆ کورتەبالاّکان تاکو بتوانن خولیا وەرزشیەکانیان ا نجام بدەن وەکو کردنوەی یاریگاو هۆڵ و یانەو کەل ودابین بکات کەل وپەلی وەرزشیەکانیتر، وە لە پالاوانەتیەکانی وەرزشی لە ناوەو دەرەوەی هەرێم بەشداریان پێ بکات .

## مادەی پێنجەم:

دەبێت حکوومەت بو کورتەبالاکان :-

یەکەم –گشت ئاسانکاری پیشکەش بکات و موچەی تاییەت لە هەمو قوناغەکانی خوێندن تا تەواو کردنی خوێندن بویان دابین بکات .

دووەم–هەلی کار برخسنی بە دامەزراندنیان پاش دەرچونیان وکوتاهێنانی خوێندن.

سێیەم –بیمەی تەندروستیان بو دابین بکات بە خورایی , وئەگەر چارەسەری پێویستی لە ناو هەرێم بویان نەبێت دەبیت حکومەت لەسەر نەفەقەی خوی بو دەرەوەی ولات رەوانەیان بکات .

چوارەم – دابین کردنی موچەی تاییەت بو ئەو کورتە بالانە کە پەکەوتون و پلەی پەکەوتنیان لە سەرووی ٥٠٪ .

پێنجەم– لە بواری باج و گومرگ لیان خوش بێت .

شەشەم – پێشینەی خانوو بەرە و پێشینەی هاوسەرگیریان پێشکەش بکات.

مادەی شەشەم:

دەبێت ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان ناسنامەی تایبەت بو کورتەبالآکانی رێکبخات بو ئەوەی لە ناو کشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئاسنکاری وریزی تایبەتیان لی بگریت.

مادەی حەفتەم:

بو جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەزیر بو هەیە رێنمای پێویست دەربچوێنی .

مادەی هەشتەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسای یان بریارێك ناکرێت ئەگەر لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکوك بێ.

مادەی نویەم:

دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن .

مادەی دەیەم :

ئەم یاسایە لە روژی بلاوکردنەوی لە ( روژنامە وقائعی کوردستان ) جێ بە جێ دەکرێت .

## هۆی دەرچوونی یاساکە

بەمەبەستی پەرەپێدانی کومەلگای مەدنی کوردستان و جەسپاندنی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەل و دابین کردن وبە هێز کردنی مافەکانی گشت چین و توێژەکان بە گشتی و مافەکانی کورتەبالاکان بە تایبەتی , بۆ ودیهێنانی عەدالەتی کۆمەلآیەتی و نەهێشتنی هەمو جورە جیاوازیەکان ئەم یاسایە دانرا.